کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەورووپا 22:12 9-12-2007

## فەرهەنگێک بۆ هەموو دیالێکتەکان ... سەباح ئیسماعیل

ڕەنگە فەرهەنگ تەنیا سەرچاوە بێت وشە و زاراوەی هەموو شێوە زمانەکان لەخۆ بگرێت و بیانپارێزێت. تا نووکە بە دەیان فەرهەنگی جۆراوجۆر بە زمانی کوردی دەرچوونە و خزمەتێکی باشیان بە زمانەکەمان گەیاندووە و بە هەزارەها وشەیان لە فەوتان ڕزگار کردووە، وەکو فەرهەنگەکانی (خاڵ، کوردستان، ئەستێرە گەشە، قامووسی زمانی کوردی، نۆبەرە، هەنبانە بۆرینە، فەرهەنگی زانستی، فەرهەنگی دەریا ... ) .



ئەم فەرهەنگێلە تا ڕادەیەك توانیویانە وشەیێلێکی زۆر کۆبکەنەوە و لە فەوتان بیانپارێزن.

تا بە دوای چەند وشەیەکدا نەگەڕێی هەست بە کەموکووڕی ئەو فەرهەنگانە ناکەیت، ئەوکات هەستدەکەیت ئەو فەرهەنگانە چەندە ناتەواون و لەوشەدا چەندە هەژارن. هەر لەوکاتەدا لەخۆتەوە ئەوەت بە بیردادێت، بۆچی تا ئێستا فەرهەنگێکی یەکگرتوومان نییە؟ ئەی بۆ هەوڵی جدی نەدراوە؟ فەرهەنگی یەکگرتوو، واتا فەرهەنگی دایك، هەموو دیالێکتەکانی زمانی کوردی لەئامێز بگرێت. هەڵبەت پرۆژەیەکی مەزن و بەرفراوانی وا کاری تاکەکەس نییە، بەڵکو لیژنەیەکی جاڵجاڵۆکەیی پێ دەوێت چەندین لق و پۆپی لێ ببێتەوە و هەر دەڤەرە و لیژنەیەکی بۆ دابنرێت و ئەو لیژنانەش لق و پۆپی دییان لێ ببێتەوە.

زۆر پێویستە پرۆژەیەکی وا تاوتوێ بکرێ و بخرێتە بەرنامەی کارەوە و سەر بە سەرۆکی وەزیرانی هەرێم خۆی بێت، تاکو لە پێداویستیی دانەمێنی و کارئاساییان بۆ بکرێ و لەمپەر لەبەر کارەکانیان دانەنرێت.

ئەم کارەش زوو نەکرێت، ئەوا لەگەڵ نەمانی بەساڵاچووەکاندا، ئەوانەی کە زۆری ساڵەکانی ژیانیان لە گوند بردۆتەسەر، ئەوا وشەیێلێکی زۆری کشتوکاڵییش لەگەڵیاندا دەچنە گۆڕەوە و هیچ فەرهەنگێکیش پێیانگات. تەنیا و تەنیا بە فەرهەنگێك وا دەکرێت دیالێکتەکانی زمانەکەمان لێك نزیك بکرێنەوە و لە دوورکەوتنەوەیان لەیەك بپارێزرێن. ئەوەتا هەر لە ناوچەی شوانی کەرکووك هەڵدەگرێت بە سەدەها وشە کۆبکرێنەوە، بێ ئەوەی لە هیچ فەرهەنگێکدا هەبن و لە هیچ شوێنێکدا نووسرابنەوە.

پرۆژەی گەورەی وا خەمخۆری نەبێ و کاری بۆ نەکرێت، بە دووری نازانم هەندێك لە دیالێکتەکان وا لێك دووربکەونەوە، بۆ خۆیان ببنە زمانێکی سەربەخۆ.

جا بۆ ئەوەی بەر بەم کارەسات و پێشهاتانە بگرین، با لە ئێستاوە کار بۆ فەرهەنگێکی یەکگرتوو بۆ بکرێ و نەخشەی کاری بۆ دابنرێ و لیژنەکان لقی گەورەیان لە هەموو پارچەکانی کوردستاندا هەبێ و باشتریشە ئەگەر دەزگایەکی باڵای تایبەت لە ئاستی وەزارەت بۆ ئەم پرۆژەیە دابنرێ و شەو و ڕۆژ کاری بۆ بکرێت، ئەوەشیان لەبەرچاو بێت کات لە بەرژەوەندیدا نییە و ڕۆژێك زووتر کاری بۆ بکرێت، چەندین وشەی بزر لە لەبیرچوونەوە و فەوتان ڕزگار دەکرێن.

Ojeen_sabah@yahoo. com

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.